# نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

سۆزان محمد ڕسو[1] - بان صباح یحی[2]

[1+2]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە:

زانکۆ بە ناوەندێکی ئەکادیمی گرنگ دادەنرێت بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بۆ داهاتویەکی باشتر، قوتابیانی زانکۆ لەکاتی خوێندندا توشی چەندین گۆڕانکاری دەبنەوە، کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەدای گشتی و خوێندن و وەرگرتنی بڕیارەکانیان بکات دەشێت ڕوبەڕوی دۆخی سەخت ببنەوە لە هەرکاتێکدا بێت زۆرێک لە قوتابیان توانایەکی باشیان هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گونجان لەگەڵ دۆخەکاندا بەواتای نەرمی مەعریفیان بەرزە هەروەک چۆن هەندێک لە قوتابیان توانای گونجان لەگەڵ کێشەکانیاندا نییە. ئامانجی توێژینەوە زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ (سەلاحەددین، سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان)، زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی یەکەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە هەریەک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. توێژەر ڕێبازی وەسفی چەندێتی بەکاردێنێت، چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوە. کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (١٢٠٧) قوتابییە. توێژەر بەشێوەی هەڕەمەکی نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژارد لە بەشی باخچەی منداڵان، کە پێکهاتوە لە (٣٤٥) قوتابی دابەشبون بەسەر پێنج زانکۆدا (سەلاحەددین، سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان). توێژەر توانی پێوەری نەرمونیانی مەعریفی بە سودوەرگرتن لە پێوەری (المیاحي و ڕاضي،٢٠١٩) ئامادەبکات. هەروەها توێژەر بەرنامەی (spss) وەکو شێوازێک بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوە نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە، جیاوازی هەیە لە نەرمونیانی مەعریفی بەپێی گۆڕاوی زانکۆ، هیچ جیاوازیەک نییە لە نەرمونیانی مەعریفی نێوان قوتابیانی قۆناغی یەکەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە هەریەک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی بەر دەستی توێژەر گەشتوە توێژەر کۆمەڵێک پێشنیارو ڕاسپاردە ئاراستەی ئەو شوێنانە دەکات کە پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە

**کلیلە وشەکان:** نەرمونیانی مەعریفی، قوتابیانی باخچەی منداڵان، زانکۆکانی کوردستان.

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper4
**Received:** 16-Aug-2022
**Accepted:** 04-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
sozan.muhammedrasu@uor.edu.krd
ban.yahia@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## کێشەی توێژینەوە:

گۆڕەپانی پەروەردەیی و دەرونی پڕە لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەوتۆ کە لێکۆڵینەوەیان لە چەندین گۆڕاوی پەروەردەی و دەرونی کردوە، نەرمونیانی مەعریفیش بە یەکێک لە گرنگترینی ئەو گۆڕاوانە دادەنرێت کە ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە پەروەردەییانە تاوتوێیان کردوە. نەرمونیانی مەعریفی بە یەکێک لە پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەش دادەنرێت. هەروەها بونی لای تاکەکان تاڕادەیەکی زۆر لە چارەسەرکردنی گرفت و ئاستەنگەکانیان یارمەتییان دەدات و بەشێوەیەکی سەرکەوتوانەش بەسەر هەڵوێستە ئاڵۆزو تازەکاندا زاڵدەبێت، سەربارى ئەوەی وا لە تاکەکان دەکات لەگەڵ ژینگە نوێ و نامۆکاندا خۆیان بگونجێنن، چونکە توانای تاک لەسەر گۆڕینی ئاراستەی عەقڵی و شێوازو ستراتیژیە مەعریفییەکان لەخۆدەگرێت، کە لەسەری ڕاهاتون، هەروەها بەکارهێنانی ئەو شێوازە مەعریفییانەی لەگەڵ گرفت و هەڵوێستە تازەکانیان لە ژینگە ناباوەکاندا دەگونجێن. (البدرمانی، ٢٠٢٠،لا١٧٣). تاک لە درێژەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا بە چەندین هەڵویستی تازەدا تێدەپەڕێت، کە پێویستییان بە وەڵامدانەوەی تازەو جیاواز هەیە لە وەڵامدانەوە ڕۆتینییەکان کە لەسەری ڕاهاتون، بۆیە دەبێ سیستەمەکانی خوێندن فێرخوازان بە جۆرێکی وا ئامادە بکەن کە خاوەن عەقڵی نەرمونیان و وایان لێبکات خۆیان لەگەڵ ئەو هەڵوێستە تازانەدا بگونجێنن کە لەم سەردەمی خێرایی گۆڕانکارییانەدا بەری دەکەون و توشی دەبن، هەروەها پێشکەشکردنی وەڵامدانەوەی ئەوتۆ کە لەگەڵ سروشتی ئەو هەڵوێستانەدا بگونجێت (الفیل، ٢٠١٤، لا ٧٩). توێژەر کێشەی ئەم تێژینەوەیە بەشێوەی پرسیار دیاریدەکات، ئاستی نەرمونیانی مەعریفی چۆنە لەلای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان؟

## گرنگی توێژینەوە:

قوتابیانی زانکۆ بەر چەندین هەڵوێستی زەحمەت و نائاسایی دەکەون ئەمەش وایان لێدەکات، هەندێک سیماو خەسڵەت و توانای عەقڵییان هەبێت گرنگترینیشیان نەرمونیانیی مەعریفییە cognitive flexibility.

بەجۆرێک ئەو کەسانەی خاوەن نەرمونیانی مەعریفین زیاتر بەر کارلێک دەکەون و بەشێوەیەکی خۆگونجێنەرانەش وەڵامی ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هەڵوێستە پڕ لە ئاستەنگانەی ژیان دەدەنەوە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی خاوەن نەرمونیاني مەعریفی نین، لەوانەیە ئەو بەهرانەیان تێدا نەبێت و زیاتریش بکەونە بەر تاقیکردنەوەی پەرچەکرداری ڕەزامەندانە. (Dennis & Vander Wall, 2010, p.243). کەسی داهێنەر خاوەن نەرمونیانیەو توانای گۆڕینی حاڵەتە هزرییەکەی هەیە بەپێی سروشتی هەڵوێستەکە (أمل زهیر صوالحة، ٢٠١٤، لا٢٣٧) داهێنانیش لەگەڵ بیربەستەڵەکی (الجمود)دا ناکۆک و دژەو بڕیار لەسەر شکستی تاک دەدات لە گۆڕینی ڕەفتارەکانی بۆ هەڵوێستی نوێ و بەرهەڵستیی هەنگاوە نوێیەکان، هەروەها بیربەستەڵەکی دژو ناکۆکە لەگەڵ نەرمونیانی، چونکە ئەو تاکەی خاوەن نەرمونیانییە پێشوازی لە گۆڕانکارییەکان دەکات و لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا داهێنان دەکات (عبد المختار وعدوي، ٢٠١١،لا ٢٨). ئەم بابەتەی توێژەر هەڵیبژاردوە دەتوانرێت سودی تیۆری و پراکتیکی لێوەربگیرێت وەک سەرچاوەیەک بۆ ئەو توێژەرانەی کە دوای ئەو توێژینەوە ئەنجام دەدەن لەسەر ئەم بابەتە هەروەها دەتوانن سود لە ئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان وەربگرن لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو پێوەرە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٢- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ (سەلاحەددین، سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان).

٣- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی یەکەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە هەریەک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

## سنوری توێژینەوە:

قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

## پێناسەی دەستەواژەکان:

نەرمونیانی مەعریفی **(Cognitive flexibility)**

- سبایرو (1988): توانای تاکە لە دوبارە ڕێکخستنەوەی مەعریفەکانی بەچەندین ڕێگەی جۆراوجۆرو بەشێوەی خۆکردەیی لەگەڵ ڕێکخستن و گونجاندنی وەڵامەکانی بەپێی پێداویستییەکانی هەڵوێستەکان و گۆڕانکارییە جیاوازەکان لە ژینگەی دەوروبەردا (spiro,2013,p,550).

- كانز وزملاؤە (2005): توانای گۆڕانكارییە ستراتیژییە مەعریفییەكانە كە تاك بۆ چارەسەركردنی هەڵوێستە نوێیەكان و چاوەڕواننەكراوەكان بەكاریدەهێنێت (كانز وزملاؤە،٢٠٠٥،لا٩٥).
- سعادة (2017): توانای گۆڕانكارییە ستراتیژییە مەعریفییە بەكارهێنراوەكانە لە چارەسەركردنی گرفتەكان و چارەسەركردنی هەڵوێستە لە ناكاوەكان و چاوەڕواننەكراوەكان و نەرمونیاني خۆگونجێنەرانەو نەرمونیانی خودكاری دەگرێتەوە (سعادة، 2017،لا 287).
- تویژەر نەرمونیانی مەعریفی بەشێوەیەكی تیۆری لەم توێژینەوەیەدا وا پێناسە دەكات: توانای تاكە لە گۆڕانكاری و گونجان لەگەڵ هەڵوێستە نوێیەكان.
- هەروەها تویژەر نەرمونیانی مەعریفی بەشێوەیەكی ڕێكاری لەم توێژینەوەیەدا وا پێناسە دەكات: ئەو پلەیەیە كە قوتابی بەدەستیدەهێنیت لەسەر پێوەری نەرمونیانی مەعریفی.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشو:

چەمكی نەرمونیانی مەعریفی لە نەوەدەكان سەریهەڵدا، بەوەش ناسراوە كە بریتییە لە هوشیاریی تاك بۆ ئەو بژاردانەی كە لەگەڵ هەڵوێستە نوێیەكاندا دەسازێت و خۆگونجاندن لەگەڵیان، هەروەها هەستكردنی تاك بەوەی ئامادەیی و لێهاتویی خودی دەبێت، كاتێک نەرمونیان بێت، چونكە نەرمونیانی مەعریفی جەخت لەسەر باوەڕی تاك بەكارەیی خودی دەكاتەوە (بلبل و حجازی، 2016،لا 63). نەرمونیانی مەعریفی جەخت لەسەر توانای قوتابی و گۆڕینی ئاراستەی بیركردنەوەی لە پێناو خۆگونجاندن و سازان لەگەڵ پێداویستییەكانی ژینگەی دەوروبەری، هەروەها توانای لە بەرهەمهێنانی ڕێگەچارەی جێگرەوەو هەمەجۆرەكانی هەڵوێستەكان و ئەركە فێركارییەكانی فێربون كە ڕوبەڕویان دەبێتەوە. (العرسان٢٠١٦،لا١٦٣).

تیۆری نەرمونیانی مەعریفیی سبایرو (1987):

تیۆرەكە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو سەریهەڵداو پێیوایە دوبارەكردنەوەو بەشبەشكردنی مەعریفە وا لە تاكەكان دەكات نیەتی مەعریفیانەی پتەویان نەبێت، هەرچەندە لە كاتی مامەڵەكردن لەگەڵ ژینگە بەهەمو ئالۆزییەكانییەوە پێویستییان پێیبێت، چونكە گەشەپێدانی كارامەییەكانی چارەسەركردنی مەعریفەی نەرمونیان لای تاكەكان پێویستیی بەوە هەیە مەعریفە بەڕێگە جۆراوجۆرەكان پێشكەش بكەن و ئەنجامی هەمەجۆریش بهێننەدی و بەشـــداری لە بونیادنانی مەعریفەدا بكەن بە شـــێوازی جێگیرو ســـەقامگیرتر، لەگەڵ پیادەو جێبەجێكردنی ئەو مەعریفەیە لە هەڵوێستە جیاوازەكانی ژیان.

ڕەهەندەكانی نەرمونیاني مەعریفیی سـبایرو: نەرمونیانیی مەعریفی بۆ دو ڕەهەندی بنەڕەتی دابەشـكرد، یەكەمیان نەرمونیانی خۆگونجێنەرانە (المرونة التكیفیة Adaptive Flexibility)، كە بە واتای توانای مەعریفی تاك دێت و لە میانی ڕوبەڕوبونەوەی هەڵوێســـتە واقعییەكانی ژیاندا دەردەكەون، بە گرفتەكان و هەڵوێســـتە جیاوازەكانیشـــەوە، بۆ گەیشـــتن بەڕێگەچارەی وردترو هاوچەرخانەو توانای لە گۆڕانكاری و ڕوی مەعریفی

بەرانبەر كێشە، یان هەڵوێستێكی دیاریكراو، كە لەوانەیە ڕوبەڕوی ببەنەوە (الزیـــــــــات 2006،لا 90)، بەڵام ڕەهەندی دوەم نەرمونیانی خودكارییە (المرونة التلقائیة Spontaneous Flexibility) و بەواتای هەڕەمەكی دێت لە گۆڕینی حاڵەتی هزریی تاك بۆ ئەنجامدانی كاری شـــتێك بەڕێگەیەكی جیاوازو ئاماژە بە توانای تاك دەكات لە خوڵقاندنی گەورەترین ڕێژەی بیرۆكەی هەمەجۆر، ســـەبارەت بە بابەتێك و هەڵوێســـتێكی دیاریكراو، كە لەگەڵ خۆیدا گواستنەوە لە بیرۆكەیەك بۆ بیرۆكەیەكیتر دەهێنێت، سەبارەت بە كۆسپێك، یان كێشەیەك و دوركەوتنەوە لە بەستەڵەكی بیرو (الأفكار الجامدە) زیاتر ئاڵۆز دەربارەی ئەو گرفتانەی تاك بەریان دەكەوێت، هەروەها دەربڕی توانای تاكە لەســـەر بەرهەمهێنانی بیرۆكەی نوێ و بەكارهێنانی توانا مەعریفی و هەڵچوونییەكان لە كاتێكی كورت بەرانبەر هەڵوێستێكی دیاریكراو (جروان 2005،لا6).

لە ســـەرجەم ئەوەی ســـبایرو(1990) تاوتوێیان دەكات دەربارەی بابەتی نەرمونیانی مەعریفی بەو پێیەی ئەو توانایەیە كە كەســـێك هەیەتی لەســـەر دوبارە پێكهێنانەوەی مەعریفەو ڕێكخســـتنیان بەشـــێوەیەكی هەڕەمەكی و خودكارانەتر بەپێی ڕێگەی جۆراوجۆر لە پێناوی ڕودانی جۆری خۆگونجاندنی وەڵامەكان لەگەڵ ئەوەی هەڵوێســـتەكە داوای دەكات و هەلومەرجەكانیش دەســـتنیشـــانی دەكەن، بۆیە بەلایەنێكی گرنگ لە لایەنە جێبەجێكارییەكان دادەنرێت، كە لە میانییەوە تاك توانای گۆڕانی نەرێنی و بیرۆكەكانی هەیە بەپێی ســـروشـــتی هەڵوێســـتەكان و هەلومەرجە هەمەجۆرەكان، ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەكات كە بۆ ئەوەی كرداری فێربون ڕوبدات، وا لەسەر مامۆستیان و فێرخوازان دەخوازێت لە هەمان كاتدا لە نەرمونیانی تێبگەن و هانی بەدەستهێنانی چەمكە مەعریفییەكان و پیادەو جێبەجێكردنیان بدەن لەســـەر واقیعی كردەیی بە هەمان نەرمونیانیی بەرز بەلایەنە پیادەكارییە هەمەجۆرەكانییەوە (tranter,at,el,2007,p,17). چونكە ئەم تیۆرە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەكە بۆیە توێژەر پشتی بەستوە بەم تیۆرە بۆ داڕشتنی بڕگەكانی پێوەر.

## توێژینەوەی السماوي (٢٠١٨):

(نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی زانكۆی بەسرە). ئامانجی توێژینەوە زانینی ئاستی نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی زانكۆی بەسرە، و زانینی ئاستی نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی زانكۆ بەپێی گۆڕاوی زانكۆ و پسپۆڕی. كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێكدێت لە (٤٠٠) قوتابیی كە (٢٠٠) كچ و (٢٠٠) كوڕ. تاقیكردنەوەی تائیی و هاوكۆلكەی بەیەكەوە بەستنی پێرسۆن وەك ئامرازی ئاماری بەكاریهێناوە. ئەنجامی توێژینەوە ئەوەی ئاشكرا كردوە كە خوێندكارانی زانكۆ ئاستێكی بەرزی نەرمی مەعریفیان هەیە، هەروەها جیاوازی ئاماری نییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و پسپۆڕی.

## ڕێكارییەكانی توێژینەوە:

## ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەر ڕێبازی وسفی چەندێتی بەکارهێناوە چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی (ملحم،٢٠٠٢:ل٣٧٠).

## کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتوە لە سەرجەم قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) ژمارەیان (١٢٠٧) قوتابییە تەمەنیان لەنێوان (١٩-٢٤) ساڵیدایە، دابەشبون بەسەر پێنج زانکۆدا (سەلاحەددین، سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان).

## نمونەی توێژینەوە:

بە مەبەستی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە توێژەر بەشێوەی هەڕەمەکی نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژارد (الاغا،١٢٠،ل٢٠٠٢)، لە بەشی باخچەی منداڵان کە پێکهاتوە لە (٢٨,٦٪)ی کۆمەڵگاکە دەکاتە (٣٤٥) قوتابی دابەشبون بەسەر پێنج زانکۆدا (سەلاحەددین، سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان).

**خشتەی (١) نمونەی توێژینەوە**

| زانکۆ | قۆناغ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | یەکەم | سێیەم | |
| سەلاحەددین | ٣٤ | ٣٥ | ٦٩ |
| سلێمانی | ٤٤ | ٣٥ | ٧٩ |
| ڕاپەڕین | ٣٣ | ٢٧ | ٦٠ |
| هەڵەبجە | ٣٥ | ٣٤ | ٦٩ |
| گەرمیان | ٣٥ | ٣٣ | ٦٨ |
| کۆی گشتی | ١٨١ | ١٦٤ | ٣٤٥ |

## پێوەری نەرمونیانی مەعریفی:

دوای گەڕان و چاوخشاندنەوە بە ئەدەبیات و توێژینەوەکان بۆ دۆزینەوەی پێوەرێکی گونجاو بۆ نمونەی توێژینەوە توێژەر بە سودوەرگرتن لە پێوەری نەرمونیانی مەعریفی (المياحي، راضي،٢٠١٩،ل٩١). توانی پێوەر ئامادەبکات پێوەر لە (٣٠) برگە پێکدێت.

## ڕاستگۆیی ڕواڵەت(الصدق الظاهرى):

ئامانج لە ڕاستگۆیی ئەوەیە پێوەر پێوانی ئەو شتە بکات کە بۆی دانراوە نەک پێوانی شتێکی دیکە (العزاوي،٢٠٠٨،ل ٩٤)بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (١٤) شارەزا لە بواری دەرونزانی و پەروەردەیدا، داوایان لێکرا بە تێبینیەکانیان لەسەر گونجاوی و نەگەنجاوی

بڕگەکان و هەر گۆڕانکاریەک کە بەباشی دەزانن و پێشنیاری بکەن، دوای وەرگرتنەوەیان بەپێی پێشنیاری شارەزایان گۆڕانکاری لە بڕگەکاندا کرا و سەرجەم بڕگەکان مانەوە هیچ بڕگەیەک لانەبراوە، بەڕێگای ڕاستگۆیی بەرچاو بەڕێژەی ٨٠٪ بەپێی هاوکێشەی جی کۆپەر(بلوم،اخرون،١٩٨٣،لا٢٥).

### -هێزی جیاکاری بڕگەکان (القوة التمييزية للفقرات):

توێژەر بۆ جیاکەرەوەی ئاماری بڕگەکان، پێوەرەکەی بەسەر (٢٠٠) قوتابی لەبەشی باخچەی منداڵان دابەشکرد، دوای وەڵامدانەوە و داخڵکردنی فۆرمەکان لەبەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین، پاشان فۆڕمەکان کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان بەڕێژەی لە (٢٧٪) و کۆمەڵەی نمرە نزمەکان بەڕێژەی (٢٧٪) وەرگیرا (امین،٢٠١٣ل١٢١)، بڕگەی گونجاو ئەو بڕگەیەیە کە بتوانێت بەکردار جیاوازی بکات لە نێوان هەردو کۆمەڵەکە (ئاست نزم، ئاست بەرز) (دلیمی،٢٠٠٤،ص٨٩) دواتر (ناوەندەژمێرەیی) و (لادانی پێوەری) بۆ هەر بڕگەیەک دەرهێنرا لە هەردو کۆمەڵەکە بە پشت بەستن بە بەرنامەی (spss) دۆزینەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکان(Aron etal,2006,p234 ) ئەوە دەردەخات کە بەهای (t) هەمو بڕگەکان گەورەترە لە بەهای خشتەیی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠،٠٥) بەنمرەی ئازاد (١٠٦) کە بەهایی تائی خشتەیی (١،٩٨٤) جگە لە بڕگەکانی (٣-٢٤-٢٥) بەڵگەدارنین.

### جێگیری (ثبات):

### دوبارە پیادەکردنەوە (اعادة التطبيق):

بەمەبەستی دیاریکردنی جێگیری پێوەر (نەرمونیانی مەعریفی) توێژەر ڕێگای دوبارەپیادەکردنەوەی بەکارهێناوە، دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر (٣٠) قوتابی کە بەشێک بون لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، دوای تێپەڕبونی دو هەفتە (الاغا،١٢٠لا،٢٠٠٢) دوبارە پێوەرەکە بەسەر هەمان قوتابیاندا دابەشکرایەوە (عبيد،٢٠١٦،ص٤٨٥) دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەنجامەکانی یەکەم و دوەم جار لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن دەرهێنرا، دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دوەم بریتییە لە بەهای (٠،٨٤) ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ بەرزی جێگیری پێوەرەکە. ئەگەر بەهای پەیوەندی لە نێوان (٠،٧٠-٠،٩٠) دا بێت ئەوا ئاماژەیە بە بەهای پەیوەندیەکی بە هێز(عیسوي،١٩٨٥،لا٥٨).

### بەکارهێنانی الفا کرونباخ:

الفا کرونباخ بۆ دڵنیابونەوەی پێوەری جێگیری بەکاردێت، (nunnally,1978,p230)لە ئەنجامی شیکردنەوە دەریدەخات بەهای الفا کرونباخ (٠،٨٢٥) لەسەر گۆڕاوی نەرمونیانی مەعریفی کە لە (٢٧) بڕگە پێکهاتوە.

### هەژمارکردنی نمرەی پێوەرەکە:

پێوەری نەرمونیانی مەعریفی پێکهاتبو لە (٣٠) بڕگە، دوای ئەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکان بۆ پێوانەکرا پێوەر بە (٢٧) بڕگە مایەوە، پاشکۆ ژمارە(1)، پاشان بۆ هەژمارکردنی نمرەی توێژینەوەکە بۆ هەریەک لە بڕگەکان

بەپێی لیستی وەڵامدانەوەکان بۆ بڕگەکانی ئیجابی (هەمیشە(٥نمرە)، بەزۆری (٤نمرە)، هەندێ جار (٣نمرە)، بەدەگمەن (٢نمرە)، هەرگیز (١نمرە)). بۆ بڕگە سلبییەکان کە هەریەکە لە بڕگەکانی (٣-٢٠-٢٢-٢٤-٢٥-٢٧) دەگرێتەوە بەپێچەوانە هەژمارکراوە واتە (هەمیشە(نمرە١)، بەزۆری (٢نمرە)، هەندێجار(٣نمرە)، بەدەگمەن (٤نمرە)، هەرگیز (٥نمرە)).

## پیشاندان و گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان:

### ١- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابییانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

دوای بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان، ئەنجامەکان دەریانخست کە ناوەندەژمێرەیی نەرمونیانی مەعریفی بەشێوەیەکی گشتی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٩٩،٧٢٥) بە لادانی پێوەری (١١،٥١٠) کە ناوەندەژمێرەی بەدەستهاتو گەورەترە لە لە ناوەندی گریمانەیی کە بریتییە لە (٨١) و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ یەک نمونە (one sample t-test) دەرکەوت کە نرخی (T-test)ی هەژمارکراو یەکسانە بە (٣٠،٢١٨) کە گەورەترە لە نرخی (T-test)ی خشتەیی (١,٩٦٧)بە بەهای بەڵگەداری (٠,٠٥) دەردەکەوێت کە نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە هەروەک لە خشتەی (٢) خراوەتەڕو.

خشتەی (٢) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری ناوەندی گریمانەیی بەهای تائی نەرمونیانی مەعریفی نمونەی توێژینەوە

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانە | نرخی تائی | | بەهای بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| 345 | 99,725 | 11,510 | 81 | 30,218 | 1,967 | 0,05 |

لەگەڵ ئەوەی قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان توشی بارودۆخی سەخت و دژوار دەبنەوە لە ماوەی خوێندنیان، بەڵام توانای گونجانینان هەیە لەگەڵ کێشەکان کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی نەرمونیانی مەعریفی توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی ئەم بەشە تایبەتمەندیەکی دیارو ئاشکرایان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە قوتابییانی بەشەکانی تر لێرەدا جگەلەوەی قوتابیان ئاشنا دەبن بە زۆر لایەنی پەروەردەیی لەڕوی دەروونییەوە ئامادەدەکرێن بۆ بون بە مامۆستا لە باخچەکان و تێکەڵبون لەگەڵ جیهانی منداڵان هەستی بون بە دایک لایان دروست دەبێت، لەبەرئەوەی جیهانی منداڵ پێویستی بە نەرمونیانی هەیە لەسەرجەم بوارەکاندا زانکۆش ئەم

ڕۆڵە دەگێڕێت بۆ بونیادنانی داهاتویەکی باش، ئەم ئەنجامە هاوشێوەی توێژینەوەی (السماوي،٢٠١٨) ئاستێکی بەرزی نەرمی مەعریفی پیشاندەدات لەلای چاوگە نمونەی توێژینەوە.

**٢- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لە لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ. (سەلاحەددین، سلێمانی، ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان).**

توێژەر بەرنامەی (spss) بەکارهێنا، نمونەی توێژینەوە کە دابەشکرابو بەسەر پێنج زانکۆدا زانکۆی سەلاحەددین کە ژمارەی قوتابیانی (٦٩) قوتابی بو، زانکۆی سلێمانی (٧٩) قوتابی بو، زانکۆی ڕاپەڕین (٦٠) قوتابی بو، زانکۆی هەڵەبجە (٦٩) قوتابی بو، زانکۆی گەرمیان (٦٨) قوتابی بو، دوای دەرهێنانی ناوەندەی ژمێرەیی بۆ هەریەک لەم پێنج زانکۆیە دەرکەوت زانکۆی سەلاحەددین (١٠١,٥٨٥) بو بە لادانی پێوەری (١٢,٠٨٢) زانکۆی سلێمانی ناوەندەژمێرەی (٩٨,٦٥٨) بو بە لادانی پێوەری (٩,٦٧٨) زانکۆی ڕاپەڕین ناوەندەژمێرەی (٩٥,٨٨٣) بو بە لادانی پێوەری (١٣,٦٣٦) هەڵەبجە ناوەندەژمێرەی (١٠١,٢١٧) بو بەلادانی پێوەری (١١,٩٢٢) زانکۆی گەرمیان ناوەندەژمێرەی (١٠٠,٩٥٦) بو، بە لادانی پێوەری (٩,٦٤٥) بە بەراوردکردنی ئەم پێنج ناوەندەژمێرەیە دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەی زانکۆی سەلاحەددین لە چوار زانکۆکەی تر بەرزترە، وەک لە خشتەی (٣) خراوەتەڕو.

خشتەی (٣) ئەنجامی جیاوازی ناوەندەژمێرەیی بەپێی گۆڕاوی زانکۆ

| زانکو | نمونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| سەلاحەددین | 69 | 101,58٥ | 12,082 |
| سلێمانی | 79 | 98,658 | 9,678 |
| ڕاپەڕین | 60 | 95,883 | 13,636 |
| هەڵەبجە | 69 | 101,217 | 11,922 |
| گەرمیان | 68 | 100,956 | 9,645 |
| کۆی گشتی | 345 | – | – |

پاشان بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی (one-way a nova)وەک لە خشتەیی (4) ئەنجامەکان خراونەتەڕو، دەرکەوت کە نرخی (F)ی هەژمارکراو بۆ نەرمونیانی مەعریفی (٢,٨٣٢) گەورەترە لە نرخی (F)ی خشتەیی(٢,٣٩٨) بەنمرەی ئازادی (٣٤٠,٤) بەهای بەڵگەداری (٠,٠٥)کەواتە جیاوازی هەیە لە نەرمونیانی مەعریفی بەپێی گۆڕاوی زانکۆ وەک لە خشتەی (٤) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (4) ئەنجامی (One-Way ANOVA) جیاوازی نەرمونیانی مەعریفی لەلای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ

| مصدر التباين | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | نرخی F | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| لە نێوان گروپ | 1469,467 | 4 | 367,367 | 2,832 | 2,398 | 0,05 |
| لەناو گروپ | 44101,374 | 340 | 129,710 | | | |
| کۆی گشتی | 45570,841 | 344 | – | – | – | – |

بەپێی ئەو ئەنجامەی توێژەر لە خشتەی (4) بە دەستیکەوتوە دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان زانکۆکان، و بۆ ئەوەی توێژەر جیاوازییەکان دیاریبکات هاوکۆلکەی (Tukey) بەکاردێنێت وەک لە خشتەی (5) دیارە.

خشتەی (5) نیشاندانی ئەنجامی هاوکۆلکەی(Tukey) جیاوازی نەرمونیانی مەعریفی لەلای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ

| زانکۆ | جیاوازی نێوان ناوەند | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگاداری 0,05 |
|---|---|---|---|
| سەلاحەددین–سلێمانی | 2,921 | 1,877 | 0,526 |
| سلێمانی–ڕاپەڕین | 2,775 | 1,950 | 0,613 |
| ڕاپەڕین–هەڵبجە | -5,33٤ | 2,010 | 0,063 |
| هەڵەبجە–گەرمیان | 0,262 | 1,946 | 1,000 |
| گەرمیان–سەلاحەددین | -0,62٤ | 1,946 | 0,998 |
| سەلاحەددین–ڕاپەڕین | 5,696 | 2,010 | 0,039 |
| سەلاحەددین–هەڵەبجە | 0,362 | 1,939 | 1,000 |
| سلێمانی–هەڵەبجە | -2,55٩ | 1,877 | 0,651 |
| سلێمانی گەرمیان | -2,29٨ | 1,884 | 0,740 |
| ڕاپەڕین–گەرمیان | -5,07٣ | 2,017 | 0,090 |

لە خشتەی (5) ڕونکراوەتەوە جیاوازی هەیە لە نێوان زانکۆی (سەلاحەددین –ڕاپەڕین)، توێژەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازیی توانای قوتابیانی کچ لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو پاڵەپەستۆیانەی ڕووبەڕویان دەبێتەوە،

ئەمەش کار دەکاتە سەر جیاوازیی ستراتیژییەکانی زانینی پێویست بۆ بەرەنگاربونەوەی هەلومەرجی چاوەڕواننەکراو، زێدەباری جیاوازیی ئەو جێگرەوانەی کە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو گرفتانە یارمەتییان دەدات، ئەوانیش کار دەکەنە سەر جیاوازیی هاوسەنگی زانین لە نێوان قوتابیانی کچی هەردو زانکۆکە.

## ٣- زانینی ئاستی جیاوازی ئاماری نەرمونیانی مەعریفی لە نێوان قوتابییانی قۆناغی یەکەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

توێژەر بەرنامەی (spss) بەکارهێنا، نمونەی توێژینەوە کە دابەشکرابو بەسەر پێنج زانکۆدا زانکۆی سەلاحەددین کە ژمارەی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٣٤) قوتابی و قۆناغی سێیەم (٣٥) قوتابی بو زانکۆی سلێمانی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٤٤) قوتابی و قۆناغی سێیەم (٣٥) قوتابی بو زانکۆی ڕاپەڕین قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٣٣) قوتابی و قۆناغی سێیەم (٢٧) قوتابی بو زانکۆی هەڵەبجە قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٣٥) قوتابی و قۆناغی سێیەم (٣٤) قوتابی بو زانکۆی گەرمیان قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٣٥) قوتابی و قۆناغی سێیەم (٣٣) قوتابی بو، دوای دەرهێنانی ناوەندەی ژمێرەیی بۆ قۆناغی یەکەم و سێیەمی هەر پێنج زانکۆکە دەرکەوت زانکۆی سەلاحەددین ناوەندەژمێرەی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (١٠١,٠٢٩) بو بە لادانی پیوەری (١١,٦٦١) قۆناغی سێیەم ناوەندە ژمێرەی (١٠٢,١١٤) بو بە لادانی پیوەری (١٢,٦٢٥)، زانکۆی سلێمانی ناوەندەژمێرەی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (١٠١،٤٣٣) بو بە لادانی پیوەری (٩,١٦٦) قۆناغی سێیەم ناوەندە ژمێرەی (٩٥,١٧١) بو بەلادانی پیوەری (٩,٢٨١)، زانکۆی ڕاپەڕین ناوەندەژمێرەی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٩٩,٤٢٤) بو بە لادانی پیوەری (١٤,٢٣) قۆناغی سێیەم ناوەندەژێرەی (٩١,٥٥٦) بو بە لادانی پیوەری (١١,٧١٩)، هەڵەبجە ناوەندەژمێرەی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (٩٩,٠٥٧) بو بەلادانی پێوەری (١٢,٩٣) قۆناغی سێیەم ناوەندە ژمێرەی (١٠٣,٤٤١) بو بە لادانی پێوەری (١٠,٥١٧)، زانکۆی گەرمیان ناوەندە ژمێرەی قوتابیانی قۆناغی یەکەم (١٠٠,١٤٣) بو بە لادانی پیوەری (٩,٦٢٦) قۆناغی سێیەم ناوەندە ژێرەی (١٠١,٨١٨) بو بە لادانی پیوەری (٩,٧٣٩)، وەک لە خشتەی (6) خراوەتەڕو.

خشتەی (٦) ئەنجامی جیاوازی ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری جیاوازی نەرمونیانی مەعریفی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی یەکەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

| زانکۆ | قۆناغ | نمونەی توێژینەوە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| سەلاحەددین | یەکەم | 34 | 101,029 | 11,661 |
| | سێیەم | 35 | 102,114 | 12,625 |
| سلێمانی | یەکەم | 44 | 101,432 | 9,166 |
| | سێیەم | 35 | 95,171 | 9,281 |
| ڕاپەڕین | یەکەم | 33 | 99,424 | 14,23 |
| | سێیەم | 27 | 91,556 | 11,719 |
| هەڵەبجە | یەکەم | 35 | 99,057 | 12,93 |
| | سێیەم | 34 | 103,441 | 10,517 |
| گەرمیان | یەکەم | 35 | 100,143 | 9,626 |
| | سێیەم | 33 | 101,818 | 9,739 |
| کۆی گشتی | | 345 | – | – |

پاشان بۆ دەرخستنی بەڵگەداری ئاماری توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی (one-way a nova)وەک لە خشتەیی (٧) ئەنجامەکان خراونەتەڕو، دەرکەوت کە نرخی (F)ی هەژمارکراو بۆ نەرمونیانی مەعریفی (٣,١٤٧) گەورەترە لە نرخی (F)ی خشتەیی(١,٩٠٨) بەنمرەی ئازادی (٣٣٥,٩) بەهای بەڵگەداری (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی هەیە لە نەرمونیانی مەعریفی لەنێوان قوتابیانی قۆناغی یەکەم و سێیەم، وەک لە خشتەی (٧) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٧) ئەنجامی (One-Way ANOVA) جیاوازی نەرمونیانی مەعریفی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی یەكەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان

| مصدر التباین | كۆی دوجاكان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | نرخی F | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژماركراو | خشتەیی | |
| لە نێوان گروپ | 3552,370 | 9 | 394,708 | 3,147 | 1,908 | 0,05 |
| لە ناو گروپ | 42018,470 | 335 | 125,428 | | | |
| كۆی گشتی | 45570,841 | 344 | – | – | – | – |

بەڵام بە پێی ئەو ئامانجەی توێژەر دەیەوێت بەدەستی بێنێت كە دیاریكردنی جیاوازیە لە نێوان قوتابیانی قۆناغی یەكەم سێیەمی هەریەک لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان وە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش توێژەر هەڵدەستیت بە بەكارهینانی هاوكۆلكەی(Tukey) وەک لە خشتەی (٨) دیارە.

خشتەی (٨) نیشاندانی ئەنجامی هاوكۆلكەی(Tukey) جیاوازی نەرمونیانی مەعریفی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی یەكەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان

| زانكو | قۆناغ | جیاوازی نێوان ناوەند | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگاداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| سەلاحەددین | یەكەم-سێیەم | -1,08٥ | 2,697 | 1,000 |
| سلێمانی | یەكەم-سێیەم | 6,260 | 2,537 | 0,290 |
| ڕاپەڕین | یەكەم-سێیەم | 7,869 | 2,906 | 0,175 |
| هەڵەبجە | یەكەم-سێیەم | -4,38٤ | 2,697 | 0,835 |
| گەرمیان | یەكەم-سێیەم | -1,67٥ | 2,717 | 1,000 |

لە خشتەی (٨) ڕونكراوەتەوە كە هیچ جیاوازیەک نییە لە نەرمونیانی مەعریفی نێوان قوتابیانی قۆناغی یەكەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە هەریەک لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان،توێژەر هۆكاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ قوتابیان لە هەمان ئاست و تەمەن دان هەروەها سروشتی مێینەو مەیل و ئارەزوییان بۆ ڕێكخستنی زانیارییەكان،

ئەوەش ڕۆڵی خۆی لەسەرچاكتركردنی بونیادی زانین و بە ئاسانی بەدەستهێنانی زانیارییەكان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەو جێگرەوە بۆ چارەسەركردنی ئەو گرفتانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە.

**دەرئەنجامەكان :**

١- نەرمونیانی مەعریفی لای قوتابیانی بەشی باخچەی منداڵان لە ئاستێكی بەرزدایە.

٢- جیاوازی هەیە لە نەرمونیانی مەعریفی بەپێی گۆڕاوی زانكۆ.

٣- هیچ جیاوازیەک نییە لە نەرمونیانی مەعریفی نێوان قوتابیانی قۆناغی یەكەم و سێیەمی بەشی باخچەی منداڵان لە هەریەک لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

**ڕاسپاردەكان:**

١-پێویستە زانكۆ لە ڕێگای كردنەوەی خول و سیمینارەوە گرنگی زیاتر بە قوتابیان بدات تاوەكو شارەزای زیاتر بەدەست بێنن كە توانایان پێ ببەخشی لە چارەسەركردنی كێشەكانیان.

٢-دەرفەت بۆ قوتابیان برەخسێنن بۆ بەژداریكردن لە كارو چالاكییەكان.

٣-توێژەر بە باشی دەزانێت زانكۆ دەرفەت بۆ قوتابیان بڕەخسێنێت بۆ تێكەڵ بون لەگەڵ قوتابیانی زانكۆكانی دیكە.

**پێشنیارەكان:**

١-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر نەرمونیانی مەعریفی و پەیوەندی بە گونجاندنی كۆمەڵایەتی لەلای قوتابیانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر نەرمونیانی مەعریفی كاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەدە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی كوردستان.

# Cognitive flexibility among students Kindergarten department in Kurdistan region universities

**Sozan Muhammed Rasu [1] - Ban sabah yahya[2]**

[1+2]Kindergarten Department, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
The University is considered an important academic center to prepare students for a better future. University students will face many changes during their studies, which may affecting their overall performance, study and decision-making. Their problems and adaptation mean high cognitive flexibility, as some students cannot adapt to their problems. This study aimed to determine statistical differences in cognitive flexibility among kindergarten students in Kurdistan Regional University. Knowing the different levels of cognitive flexibility statistics among kindergarten students according to university variables (Salahaddin, Sulaimani, Raparen, Halabja , Garmian). The determine statistical differences in cognitive flexibility between first and third- grade students of kindergarten departments in each of the Kurdistan Regional University. the researcher uses a quantitative descriptive method because it is appropriate to the nature of the research. Sample selection The researcher random sampling from the kindergarten department, which consisted of (345) students and they divided into five universities (Salahaddin, Sulaimani, Raparen, Halabja , Garmian), the researcher was able to prepare the measure of cognitive softness using the measure (Al-Mayahi, Razi, 2019), and the researcher used the SPSS program as a method to analyze the data. Results of the study cognitive flexibility among kindergarten students is at a high level, there is a difference in cognitive flexibility according to the university variable, there is no difference in cognitive flexibility between first and third grade students in kindergarten in each of the universities in the Kurdistan Region. Based on the results Obtained by the researcher, the researcher makes some suggestions and recommendations to the places related to the research.

**Keywords**: Cognitive flexibility, kindergarten students, Kurdistan universities.

## سەرچاوەکان:

أمل زهير صوالحة (٢٠١٤). مهارات التفكير الإبداعي وعلاقته بأنماط الاتصال لدى مديري المدارس الحكومية في محافظات شمال الضفة الغربية من وجهة نظر المعلمين والمعلمات، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية.

امين،سلوى احمد(٢٠١٣). اثر تغاير اساليب صياغةالفقرات و عدد بدائل الاستجابة على الخصائص السايكومترية في بناء المقاييس الشخصسية،كلية التربية جامعة صلاح الدين، اربيل،ا طروحة دكتوره غير منشوره.

العزاوى،رحيم(2008).منهج البحث العلمى، الطبعة الآولى، دار دجلاتان،عمان الاردن.

الفيل، حلمي محمد حلمي، (٢٠١٤).الاسهام النسبي لاستراتيجيات التعلم العميق والسطحي في التنبؤ بالمرونة المعرفية والاندماج النفسي والمعرفي لدى طلاب المرحلة الاعدادية، بحث قدم الى المؤتمر السنوي الثلاثون لعلم النفس في كلية التربية بالغردقة.

الأغا،احسان (٢٠٠٢).البحث التربوي و عناصره – مناهجه وأدواته،ط٤:الجامعة الاسلامية،غزة.

الزيات، فتحي مصطفى (٢٠٠٦) الأسس المعرفية للتكوين العقلي وتجهيز المعلومات ط ٢ القاهرة :دار النشر للجامعات

البدرمانى، محمد عاطف محمد محمد (2020) الفروق فى المرونه المعرفيه فى ضوء مستويات مختلفة من الكفاءه المدركه لدى الطالب المتفوقين عقليا بكلية التربية، رساله دكتوراه، كلية التربية، جامعة حلوان

المياحى،ايمان ناظم،راضى،افراح طعمة(٢٠١٩)، المرونة المعرفية لدى طلبة المرحلة الاعدادية،Journal Port Science Research، جامعه مستنصريه، بغداد، عيراق

العرسان، سامر رافع ماجد (٢٠١٦). فاعلية استخدام استراتيجيات التعلم النشط المستندة إلى النظرية المعرفية الاجتماعية في تنمية المرونة المعرفية ودافعية الإنجاز الأكاديمي لدى طلاب قسم علم النفس في جامعة حائل. مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات التربوية والنفسية، 5(١٨)، 159.١٧٧

بلبل، يسرا شعبان وحجازي، إحسان شكري (٢٠١٦). التنبؤ بالذاكرة العامة من المرونة المعرفية والذكاء السائل لدى تلاميذ الصف السادس الابتدائي. دراسات تربوية ونفسية: مجلة كلية التربية بالزقازيق – مصر، ع(٩٣)، ٥٣–١١٣

بلوم،بنيامين و اخرون (١٩٨٣).تقييم تعليم الطالب التجميعي او التكوين،ترجمة محمد المفتى و اخرون،دار ماكيروهل،القاهرة،مصر.

جروان، فتحي عبد الرحمن (٢٠٠٥). تعليم التفكير :مفاهيم وتطبيقاتة ط 2, دار الفكر و عمان, الاردن3.

حلمي محمد الفيل (٢٠١٤). الإسهام النسبي لاستراتيجيات التعلم العميق والسطحي في التنبؤ بالمرونة المعرفية والاندماج النفسي والمعرفي لدي طلاب المرحلة الإعدادية. المجلة المصرية للدراسات النفسية. (٢٤)،ع (٨٣)، ص ٢٥٧– ٣٣.

دليمى،خالد جمال جاسم(٢٠٠٤).بناء مقياس الشخصية المنافقة لدى طلبة الجامعة (رسالة ماخستير عير منشوره)، جامعة بغداد، كلية التربية–ابن رشد.

سعاده، مروه صلاح ابراهيم (٢٠١٧). عادات العقل المنبئه وعلاقتها بدافعية الاتقان والمرونة المعرفية لدى طلاب المرحلة الثانوية، مجلة دراسات عربية في التربية وعلم النفس، رابطة التربويين العرب، العدد (٨٧)، ٢٧٧.

عبيد، د.سالم حميد (٢٠١٦).اثر اسلوب التحدث مع الذات في تنمية الاستهواء المضاد،لدى طلبة جامعة بغداد، وزارة التربية–المديرية العامة التربية الانبار، قسم الارشاد التربوي، مجلة الاداب،٢٠١٦–العدد (١١٨)(٤٧١–٥٠٠).

عيسوى، عبدالرحمان محمد (١٩٨٥)القياس التجريبي في علم النفس و التربية، دار المعرفة الجامعية–الاسكندرية.

محمد خضر عبد المختار، إنجي صلاح عدوي (٢٠١١). التفكير النمطي والإبداعي. مركز تطوير الدراسات العليا والبحوث، كلية الهندسة.

ملحم،سامى(٢٠٠٢). قياس و تقويم في التربية و علم النفس، الطبعة الثانية دار الميسرة للنشر و التوزيع، عمان الاردن.

Aron, A., &Aron, E.N. (2006). statistics for psychology. Prentice-, Inc.

Cañ, J. J., Antoli, A., Fajardo, I., & Salmerón, L. (2005). Cognitive inflexibility and the development and use of strategies for solving complex dynamic problems: Effects of different types of training. Theoretical Issues in Ergonomics Science, 6(1), 95-108.

Dennis, J. P., & Vander Wal, J. S. (2010). The cognitive flexibility inventory Instrument development and estimates of reliability and validity. Cognitive therapy and research. 34 (3), 241-253

Nunnally.J.C.(1978). psychometric theory New York, mc grow-hill.

Spiro, R., Coulson, R., Feltovich, P., & Anderson, D. (2013). Cognitive Flexibility Theory: Advanced Knowledge Acquisition in Ill-Structured Domains. In Theoretical Models and Processes of Reading (pp. 544-557). International Reading Association.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی باخچەی منداڵان/ماستەر

سلاوێکی زانستی خوازانە.........

قوتابی ئازیز، کۆمەڵێک بڕگە دەخەینە بەردەستی بەڕێزتان وەکو ئامرازێک بەمەبەستی توێژینەوەیەکی زانستی، ئێوە دەستنیشان کراون وەکو یەکێک لە تاکەکانی چاوگەنمونەی توێژینەوەکە،بۆیە تکامان وایە هاوکاری توێژەر بکەن لەڕێگای وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەر کە هاوپێچ کراوە بە هەمو ئازادی و ڕاشـــکاویەکەوە ،ئەوەش بە دانانی نیشـــانەی (√) لەژێر هەر جێگرەوەیەکی گونجاو لە بەرامبەر هەر بڕگەیەک،بۆ زانیاریشت وەڵامەکەت هیچ کەسێک نایبینێت جگە لە خودی توێژەر.

**تێبینی:**

١-پێویست بە نوسینی ناو ناکات. ٢-ئەم زانیاریانە پڕبکەرەوە.

-دەرچوی بەشی: وێژەیی زانستی - تەمەن :

-زانکۆی: سەلاحەدین سلێمانی ڕاپەڕین هەلەبجە گەرمیان

-قۆناغ: یەکەم سێیەم

سەرپەرشتیار توێژەر

پ.ی.د.بان صباح یحی سۆزان محمد ڕسو

# پاشكۆی (١) پێوەری نەرمونیانی مەعریفی

| ژ | برگەكان | هەمیشە | بە زۆری | هەندێ جار | بە دەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چارەسەر دادەنێم بۆ ئەو كێشانەی ڕوبەڕوم دەبنەوە بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین ڕێژەی بیرۆكە. | | | | | |
| 2 | پشت بە شارەزای پێشوم دەبەستم لە چارەسەری ئەو كێشانەی ڕوبەروم دەبنەوە. | | | | | |
| 3 | چارەسەری گونجاو دەدۆزمەوە بۆ ئەو كێشانەی ڕوبەروم دەبنەوە. | | | | | |
| 4 | تواناى كۆنترۆڵكردنی هەڵچونەكانم هەیە لە هەڵوێستە قورسەكاندا. | | | | | |
| 5 | بیرۆكەكانم دەگۆڕم بۆ گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخەكاندا. | | | | | |
| 6 | بەرانبەر هەڵوێستە گران و زەحمەتەكان چارەسەری جیاواز دادەنێم. | | | | | |
| 7 | بۆ هەر كێشەیەک كە ڕوبەڕوم دەبێتەوە چارەسەرێک دەدۆزمەوە. | | | | | |
| 8 | بیرۆكەكانم لەگەڵ ئەو گرفتانەدا دەگونجێنم كە ڕوبەڕوم دەبنەوە. | | | | | |
| 9 | گوێ لە كەسانی تر دەگرم كاتێک گفتوگۆ دەكەم لە بابتێكی دیاریكراو. | | | | | |
| 10 | ئاراستەم ئەرێنی دەبێت كاتێک گفتوگۆ دەكەم لەسەر بابەتێكی دیاریكراو. | | | | | |
| 11 | لەكاتی وەرگرتنی بڕیارێكی دیاریكراو خۆم لە پەرشوبڵاوبونی هزرم دور دەگرم. | | | | | |
| 12 | بە هێمنی لەگەڵ هەڵوێستە گران و پڕ ئاستەنگەكان مامەڵە دەكەم. | | | | | |
| 13 | بەر لە وەرگرتنی بڕیار بیر دەكەمەوە. | | | | | |
| 14 | لەرێگەی نوێ و جیاوازەوە بە دوای چارەسەر دەگەڕێم بۆ گرفتەكانم. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 | لەگەڵ ئەو هەڵوێستە جیاوازانە کە ڕوبەڕوم دەبنەوە خۆم دەگونجێنم. | | | | | |
| 16 | بۆ وەرگرتنی بڕیار شێوازی جیاواز بەکاردەهێنم. | | | | | |
| 17 | بەر لە وەرگرتنی بڕیار زانیارییە پەیوەستەکان بە بابەتەکە کۆ دەکەمەوە. | | | | | |
| 18 | لە چارەسەرکرنی گرفتەکان سود لە ئەزمونەکانی پێشوترم وەردەگرم. | | | | | |
| 19 | لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی گرفتێکی دیاریکراو ناتوانم بیر بکەمەوە. | | | | | |
| 20 | لە چارەسەرکردنی گرفتەکان پشت بە کارامەییەکانم دەبەستم. | | | | | |
| 21 | ئەو هۆیانە پشتگوێ دەخەم کە دەبنە هۆی ڕودانی گرفت. | | | | | |
| 22 | توانای دۆزینەوەی چارەسەری جۆراوجۆرم هەیە بۆ هەڵوێستەکان. | | | | | |
| 23 | توانای ڕێکخستنی خودیم هەیە. | | | | | |
| 24 | بایەخ بە خۆشەویستی خەڵک نادەم بەرانبەرم. | | | | | |
| 25 | کەسێکی گەشبینم لە هەڵوێستە جیاجیاکان. | | | | | |
| 26 | توانای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆمم هەیە. | | | | | |
| 27 | لەخودی خۆمدا تواناو لێهاتویی ڕوبەڕوبونەوەی کاروبارە جیاوازەکانم هەیە. | | | | | |